# وتارێکی کراوە بۆ سەرکردایەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەبابەت لەنێوبردنی بەکۆمەڵ لەغەزە و فەڵەستین.!

نووسینی: د.علي محمد الصلابي

وەرگێرانی: عبداللە گەرمیانی

ماڵپەری دەنگی ئیسلام dangiislam.org

وتارێکی کراوە بۆ سەرکردایەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی و گەلەکانیان، بەئومێدی لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە نووسەری ئەم بابەتە کەسێکی موسوڵمانە و باوەڕی بەوە هەیە، الله پەروەردگارە و ئیسلام ئایینە و موحەمەدیش نێردراوی خوایە (صلی الله علیه وسلم)، خاوەن قەناعەت و بەهای مرۆیی و ڕۆحییە کە بناغەی خۆی ئەبینێتەوە لەفرمانکردن بەچاکە و ڕێگری کردن لەخراپە و بەرپەرچدانەوەی ستەم و هێنانەدیی ئازادی و یەکسانی و ئاشتەوایی و دادپەروەری لەنێوان مرۆڤەکاندا، بۆیە پێش خوێندنەوەی ئەم وتارە، مەڕوانننە ئایینی نووسەرەکەی و ڕەنگی پێست و شوێنی لەنێو خەڵک و ڕۆشنبیری و ڕەنگ و نەتەوە و ڕەگەزەکان مەکەنە پێوەر و بیانوو.
ئەم وتارە ئەنووسم بەشێوەیەکی ڕوون و بەو شێوەیەی کە مرۆڤێکی موسڵمانم، لەسەر میتۆدی قورئانی پیرۆز ئەڕۆم کە سەرچاوەی متمانەی منە و خوای گەورە پاراستوویەتی و سەربوردەی پەیامبەرانی تێدا پاراستووە بەڕێژەی سەد لەسەد،ئەوەش لەڕووی وردبینی و سەلماندنی مێژووییەوە، سەرەتا لەباوکە گەورەمان ئادەمەوە(سەلامی خوای لەسەر بێ) دەست پێ ئەکات، پاشان ڕۆحی ئیبراهیم و موسا و هارون و یەعقوب و ئیسحاق و یوسف و هوود و ساڵح و عیسا و ئەوانی تر (سەلامی خوایان لەسەر بێ) هەروەها لەپەیامبەری خواوە موحەممەد (صلی الله علیه وسلم) کە پێشەنگ و نموونەی جوانە، نموونەی باڵایە بۆ تێکڕای مرۆڤایەتی لەسەر ڕووی زەویدا. پەیامبەران هەموویان ئێمەیان فێرکردووە بەوە حەقیقەتەی لەسەر ڕووی زەویدا هەیە و  لەگەڵ مرۆڤەکاندا بدوێین بۆ ئەوەی بیر بکەنەوە و تێفکرن و لەپەروەردگاریان بترسن، بۆ ئەوەی ئاشتەوایی بکەن و بەشوێن ئاشتەواییدا بگەڕێن، ئەمە وتاری موسایە (سەلامی خوای لەسەر بێ) بۆ فیرعەون و هامان و قارون، هەروەها وتاری عیسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) بۆ فەرمانڕەوای ڕۆمان، هەروەها وتاری موحەممەد (صلی الله علیه وسلم) بۆ ئەبو جەهل لەمەککە و هیرقل لەڕۆما و کیسرا لەفارس ، بۆیە مەرج نییە ئەو کەسەی قسەی بۆ دەکرێ و دەدوێنرێت، بەدەم وەڵامەوە بێت، بەڵکو ئەمە گەیاندنی پەیامی خوایە و نەهێشتنی بیانوو و پاساوە لای مرۆڤ.

سەرکردایەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هاوبەشن لە لێوبردنی بەکۆمەڵ لەفەڵەستین. خەڵکیی تووشی شۆک بوون بەو لێدوانانەی سەرکردایەتیی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی کە هاوکات بوو لەگەڵ ڕووداوەکانی دژ بەفەڵەستین لەغەزەدا ، ئەو لێدوانانە لەخودی ڕووداوەکە شۆکهێنەرتر بوو، دووفاقیی ڕۆژئاوا و ئەو بانگەوازە مێژووییەی کە دەیکات لەبابەت بەهای ئازادی و دادپەروەری و واتا بەرزەکانی مرۆڤایەتی. زۆر بەڕوونییەوە ئەو لێدوانانەی ئەوان، دژ بوو بەڕێنماییەکانی مەسیحی گەورە (سەلامی خوای لەسەر بێ) هەروەها لەنێوان هەڕەشەی توندی تۆڵەکردنەوە کە لەسەر زاری ئەوان دەرچوو، هەروەها ئەو لێدوانە هەمە جۆر و بەردەوامانەی کە لەو ڕوانگەیەوە دەیدەن ، هەموو ئەگەرێکی گومان و پاشگەزبوونەوەی نەهێشت لەبابەت سیفەتی دادپەروەری لەبەرانبەر ئەو کێشەیەی کە ئێستا هەیە. سەیرتر لەوە، هاوبەشیتان لەو دوژمنداریيەی کە ئەنجام ئەدرێ لەپاڵ لێدوانە خراپەکانتان و هاوبەشییتان لەو شەڕ و دوژمنکارییە. کات ئەوە دوو پات ئەکاتەوە کە ئێوە بێ لایەن نین و پێشوەختەش پێداگری و سەرسەختیتان هەیە ، فڕۆکە هەڵگرتان بەڕێ خستووە کە بەم دواییانە گەیشتۆتە کەنارەکانی فەڵەستین، ئەمە بۆ ئەوەی بەهەموو ئەو شتانەی کە پێویست بن بۆ کوشتنی فەڵەستینییەکان،بەریتانیاش دوو کەشتی جەنگیی پێ گەیاند،ئەڵمانیاش کۆمەڵێک فڕۆکەی زۆر پێشکەوتووی گەیاندووە و پاڵپشتیی سیاسی و ئەمنیی بۆ ڕاگەیاندووە، هەروەها لایەنگیرییەکی شەرمەزارانە و ڕەهایانەی بۆ ئیسرائیل خستەڕوو ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ ئەم جەنگە جەنگێکی وێرانکەرە کە دژ بەخەڵکانی بێ تاوان ئەنجام دەدرێن لەمناڵ و ئافرەت و خەڵکانی بەتەمەن و ئەوانەی کە لەغەزە و فەڵەستین دان و جەنگاوەر نین. ئەمە قەسابخانەیەکی نوێیە لەتوماری هەڵوێستی ئەمریکا و ئەوروپا لەبابەت دۆسیەی خەڵکانی لاواز و ستەمدیدە لەفەڵەستین و جیهاندا ڕوودەدات. هەمووان تەماشای وتار و لێدوانە دژ بەیەکەکانی سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بایدن و ڕاڕایەکانی دەکەن، ئەو لەڕوانگەی جیهانییەوە پاڵپشتی گەورەی ئیسرائیل و سەرکردەی سیاسی ڕۆژئاوایە،ئەوە ئەڵێ کە حەماس سەری خەڵکانی بڕیووە و ئەتکی ئافرەتانی کردووە و دانیشتووانی ئیسرائیلی ترساندووە، بەڵام کەناڵی سی ئێن ئێنی ئەمریکی هەروەها ڕۆژنامەی واشنتن پۆست کە ئەوەی ئاشکرا کرد و بەڕەسمی لەکۆشکی سپییەوە ئەوەی گواستەوە نە بایدن و نە هیچ بەرپرسێکی تر وێنەیەکیان نەبینیووە ئەو ڕاپۆرتانە پشتڕاست بخەنەوە لەبابەت ئەوەی خەڵکانی تیرۆریست سەری مناڵانیان لەجەستەیان کردووەتەوە. ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ کە ئێوە بڕیاری کوێرانە ئەدەن،ئەوەش بەپشت بەستن بەزانیاری وێڵ و تاریک هەروەک ئەوەتان لێ ڕووی دا، بەڵام کاتێک ئەوە پەیوەندیدارە بەقەواری ئیسرائیل و سەلامەتیی خەڵکەکانیەوە،ئێوە هەموو شتێک بەلاوە ئەخەن و بەلای ئەو کوژراوانەدا ناچن کە خەڵکی فەڵەستینن و ناچن بەلای ئەو ستەم و زۆرداریيەی سەهیۆنیەتدا کە بۆ ماوەی زیاتر لەحەفتا ساڵە خەڵکی فەڵەستین پێی دەتلێنەوە. سەرکردایەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی سیاسەتی دووفاقیانە پەیرەو دەکەن، ئەگەرچی زیاتر لەدوو ملیۆن

فەڵەستینی خەڵکی ڕەسەنی ئەو وڵاتەن، وا وەبەر چاوتانەوە لەژێر گەمارۆیەکی خینکێنەر و نامرۆڤانەدان و ئاوارە دەکرێن و تووشی مەینەتباریی کراون ، لەگەڵ ئەوەی حکومەتی ڕاستڕەوی تەلئەبیبی زۆردار دوو کاری دوژمنکارانەی توندوتۆڵ و قوڵتر کردووتەوە سەر مزگەوتی ئەقسا ، ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە بۆ ماوەیەکی زۆرە تێوەگلاوە لەپرۆسەی دابەشکردنی کات تاوەکو نوێژی تیادا نەکرێ، ئەمە و سەرەڕای ئاڵۆزییەکانی ستەمکردنی خەڵکە جولەکەکە کە نیشتەجێ کراون و ستەم ئەکەنە سەر خەڵکانی فەڵەستینی و ماڵ و موڵکیان لەکەناری ڕۆژئاوادا زەوت دەکەن، هەروەها نیەتی حکومەتەکەیان لەوەی کە ئەیەوێ بەشەکانی کەناری ڕۆژئاوا بخاتە سەر خۆی، کەچی لە لەلایەن ئێوەوە هیچ هەڵوێست و لێدوانێک دەرنەچوو ئاماژە بکاتە ئەوەی کە ئێوە شەرم ئەکەن بەرانبەر بەوە و خۆ هەڵکێشانتان بەرانبەر بەمافی مرۆڤ و ڕۆشنبیری و ئاینی بەرانبەر بەگەلی فەڵەستین. مێژوو ئەینووسێتەوە کە سەرۆکی گەورەترین دەوڵەتێک کە ناوی جۆ بایدن بووە و سەرکردەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات زۆر خۆیان هەڵکێشاوە بەبابەت پارێزگاریکردن لەدیموکراتییەت و شارستانیەتی مرۆڤایەتی و پاڵپشتیکردنی سەقامگیری جیهانی و رایان کرووە بەدوای ڕزگارکردنی ئۆکرانیادا ، بەوپێیەی کە ئۆکرانیا تووشی ستەم و زۆردارییەکی گەورە هاتووەتەوە لەلایەن ڕووسیاوە، بەڵام لەمڕۆدا دەبینن خەڵکانی مەدەنی لەغەزە بەجێدەهێڵن،خەڵکانی مەدەنی لەئافرەت و پیاو و ئافرەتی بەتەمەن و منداڵ کە لە هەموو هۆکارەکانی ژیان بێبەش دەکرێن،لەکاتێکدا بەجێیان ئەهێڵن کە لەژێر گڕ و بڵێسەی چەکی بکوژی ئیسرائیلیدان. هەڵوێستی ڕۆژئاوا لەستەمکارییەکانی ئیسرائیل و شێواندنی بەهای شارستانییەتی ڕۆژئاوا و بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتیی، مێژوو ئەوە ئەنووسێتەوە و تۆمار ئەکات کە بەڵگەنامەکانی دامەزرێنەری پاشانشینی کۆمارەکانی ڕۆژئاوا، کە لەسەر بنەماکانی مافی مرۆڤ دروست بوون، وا ئێستا لەبیر و مێشکی سەرکردەکانی ڕۆژئاوادا سڕاونەتەوە، تەنانەت هەڵبژاردە سیاسی و ڕاگەیاندنکارەکانیشیان کە باوەڕیان بەڕیکلامی ڕاگەیاندن هەیە، لەژێر کاریگەریی لۆبیی سەهیۆنیەتی ئەو وڵاتانەدان. ئەوانەی خاوەن هەڵوێستن لەئەمەریکا و فەڕەنسا و ئیتاڵیا و ئەڵمانیا و بەریتانیا و نەمسا و بەرگری لەفەڵەستین ئەکەن، لەژێر بیانووی دژە سامییەتدا ڕووبەڕووی لێدان و دەستگیر کردن دەبنەوە،ئاخۆ ئەو بەڵگەنامە و مافەکانی مرۆڤ لەکوێیە کە لەسەرەتای دەوڵەتەکەتاندا لە مانگی ئۆگۆستسی ساڵی١٩٤٩ ئێوە ئیمزاتان کرد! لەماددەی پانزەدا هاتووە: (ڕەوایە بۆ هەموو کەسێک لەو دوو لایەنەی ئەکەونە کێشە و شەڕەوە، بۆ لایەنی بەرانبەر، پێشنیاری ناوچەیەکی بێ لایەن بکات لەو هەرێمەی کە شەڕی تێدا ڕوو ئەدات، ئەوەش بەمەبەستی پارێزگاریکردن لەبریندارانی شەڕ،ئەوانەی بریندارن چی جەنگاوەربن چی ناجەنگاوەر،هەروەها بۆ پاراستنی مەدەنییەکان کە بەشدار نین لەشەڕی دوژمنکارانەدا و هیچ کارێکی جۆری سەربازیی ئەنجام نادەن). لەماددەی شانزەدا هاتووە: (بریندارانی و نەخۆشەکان و خەڵکی بێ توانا و ئافرەتی سک پڕ لەژێر

پارێزگاریکردنێکی تەواو ڕێزگیراواندان). لەماددەی هەژدەدا هاتووە: (بەهیچ حاڵێک نابێ پەلاماری نەخۆشخانەی مەدەنی بدرێت کە دانراون بۆ چاودێریکردنی برینداران و نەخۆشان و خەڵکانی بێ توانا و بێ دەسەلات و ئافرەت، لەسەر هەموو لایەنە بەجەنگ هاتووەکان پێویستە لە هەموو کات و ساتێکدا ڕێزی ئەو شوێنانە بگرن و پارێزگارییان لێ بکەن). لەماددەی پەنجا و یەکی پرۆتۆکۆلی یەکەمی ڕێکەوتننامەی جنێفدا هاتووە: (کەسەکان و دانیشتووانە مەدەنییەکان تایبەتمەندن بەپارێزگارییەکی گشتیی دژ بە هەر هەڵەیەک کە لەئەنجامی پرۆسە سەربازییەکاندا ڕوو بدات، نابێ ببنە جێگەی پەلاماردان). لەماددەی پەنجا و دوودا هاتووە: (قەدەغەیە هێرش بکرێتە سەر خەڵکانی شارەکان و دەبێ بەرپەرچیان بدرێتەوە. خەڵکانی بەناوبانگی شار نابێ بکرێنە جێگەی پەلاماردان، بەڵکو پەلامار تەنیا بکرێتە سەر شوێنی ئامانجە سەربازییەکان و هیچی تر). لەماددەی پەنجا و سێدا هاتووە: (قەدەغەیە هیچ کارێکی دوژمنکارانە ئەنجام بدرێت دژ بەشوێنەواری مێژوویی یان کاری هونەری یان شوێنەکانی پەرستن). ئاخۆ سەرکردایەتی حکومەتەکانی ڕۆژئاوا پێش ئەوەی خۆیان هەڵبکێشن بەداتاکانیان و هێزەکانیان بۆ هاوپەیمانێتیکردنی ئەمریکا و ئیسرائیل بەگەڕ بخەن، ئایا پابەند بوون بەو بەڵگەنامە دامەزێنەرییەی بۆ جیهانێکی دوای جەنگی دووەمی جیهانی هاتۆتە ئاراوە!؟ ئایە ئەوانە ئەنجام دراون! تەنیا بۆ دۆخی ناوخۆی وڵاتانی خۆیان ئەو لێدوانانەیان هەیە! لێدوانەکانی جۆ بایدنی سەرۆکی ئەمەریکا کە ڕایگەیاند و هەروەها سەرکردایەتی ئیدارەکەی کۆشکی سپی و وەزارەتی دەرەوە و پنتاگۆن و سەرکردە ئەرووپی و ڕۆژئاواییەکان و تەواوی ڕاگەیاندنەکانیان، هەموو ئەو لێدوانانەی ئەوان مایەی ڕەشبینی بوون، پشتگیری کردنی جەلاد بوون دژ قوربانییەکانی دەستی ئەو جەلادە،ئەوەش لەسایەی جەنگێکی وێرانکەردا کە شار و ئۆردوگانیشینەکانی کەرتی غەزەی تیادا کرایە ئامانج، هەموو ئەوانە دەکرێ وەسف بکرێن بەزۆرترین ناوچەیەکی چڕ لەجیهاندا، هەروەها زۆرترین نشینگەی پەنابەرانی تێدایە و زۆرترین شوێنێکە کە کراوەتە سەربازگەی خەڵکانی دەستگیرکراو و گەمارۆدراو کە نزیکەی دوو ملیۆن مرۆڤی فەڵەستینی لەو شوێنەدا بەترس و برسیەتی و کوشتار و قەسابخانەوە دەتلێتەوە. ئەوە گڵۆپی سەوزی ئەمریکا و ئەورووپا و هەندێ وڵاتانی عەرەبیی بوون بۆ ئیسرائیل تاوەکو لەپرۆسەی داگیرکاری و فراوانخوازیی خۆیدا بەبێ هیچ ترس و حسابکردنێک بەردەوام بێ. ئیسرائیل چی لەفەڵەستین دەوێ!؟ ئیسرائیل ئەم جەنگە تاریک و بڵێسەدارەی ئەنجام دا، هەموو ئەوانەی ڕوو ئەدەن تەنیا پرۆسەیەکی سەربازیی نین، بەڵکو ئیسرائیل چەندەها جار بەئاشکرا ڕایئەگەیەنێ کە تاوان دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجام ئەدات و زۆر بە توندییەوە لەسەر ئەو کارە بەردەوام ئەبێ و بەشێوازێکی فراوانتر. لەگەڵ فەلەستینەکاندا مامەڵە ئەکات بەو وەسفەی کۆمەڵێ ئاژەڵی مرۆیین، ئەمە بەپێی وەسفی یوفغالاند کە وەزیری ئاسایشی ئیسرائیلییە و هەڕەشە ئەدات کە بێبەشیان ئەکات لەسادەترین مافی ژیان لەخواردن و ئاو و دەوا و دەرمان، ئەمەش لەڕەگەزپەرستییەکی ڕوون و پووختەوە

سەرچاوە ئەگرێ، بەو باوەڕەی کە لای قەوارەی ئیسرائیلیی هەیە، باوەڕی بەهەموو ئەو وەسفانە هەیە کە شۆکهێنەرن و لەتووڕەیی و هاودەستیی ڕۆژئاوا کە بێ مەرج بۆ ئیسرائیل دەرهاتووە و خراوەتە ڕوو.
ئەو کردە دەمارگیری و داگیرکارییەی کە زایۆنیزم ئەنجامی ئەدا و بژاردەی توندڕەوی و فەرمانڕەوایە پەیڕەوی دەکات، هاندەرە بۆ ئەم هەڵمەتەی دژ بەگەلی فەڵەستین ئەنجام ئەدرێ و هەڵقوڵاوە لەکۆمەڵێ لێکدانەوە و تیۆریزمەی مێژوونووسی ئیسرائیلی بینی مۆریس کە لەچاوپێکەوتنیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی هارتس لەیانزەی یەنایەری ٢٠١٩ ئەنجام درا بە ناونیشانی: (ئەم شوێنە نووقم دەبێ). بینی مۆریس لەو چاوپێکەوتنەدا وێنەیەکی ناشیرین و کێویانەی داوەتە فەڵەستینییەکان بەبێ ئەوەی رەچاوی هیچ بنەمایەکی مرۆیی بکات، ئەوەش گونجاوە بۆ پاساودان بە لەناوبردنی خەڵکی فەڵەستین و عەیبدار کردن و سەرزەنشتکردنی خودی فەڵەستینییەکان ئەگەر لەداهاتوودا ئەوە ئەنجام بدرێت. مێژوونووسی ناوبراو هەستی ئەوەی هەیە، مانەوەی گەلانی ڕەسەن لەوڵاتی خۆیاندا بەبێ لەناوبردنیان بەتەواوەتی یان ئاوارەکردنیان، ئەبێتە مایەی لەنێوبردنی ئەزموونی داگیرکاریی کە جیهان لە پێشتردا بە خۆیەوە ناسیویەتی. باشە خۆ هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ڕەهای دەرهەق بەگەلێکی تر و سەرکوتکردن و ژێربارکردنی بۆ دەسەڵاتێکی داگیرکاریی سەربازیی بۆ هەمیشە، هەمیشە بژاردەیەکی عەقڵانی نەبووە ئەی چۆن دەکرێ لە هەزارەی سێیەمدا ئەوە بمێنێتەوە!؟ لەنموونەی ئەم دیدگا دوژمنکرانەدا، حکومەتەکانی داگیرکاریی ئیسرائیلیی سیاسەتی خۆی ئەنجام داوە بۆ ئاوارەکردنی زۆردارانە و لەسەرخۆ و بە بێ دەنگ، کە دەوەستێتەوە سەر فراوانکاریی داگیرکاری و تەنگ هەڵچنین بەفەڵەستینەکان تاوەکو لەو وڵاتەدا نەتوانن بژێن، هەروەها زەوییەکانیان داگیر بکرێ و سەرچاوە ئاوی و ئابووری و وەبەرهێنانەکانیان دەست بەسەردا بکرێ، هەروەها بارودۆخێ بهێنرێتە کایەوە بۆ سەپاندنی کۆمەڵێ کۆتوبەند بەسەر ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبوون،هەروەها هەڵمەتی دەستگیرکردنی ڕۆژانە و ڕەگەزپەرستانە و زیاترکردنی ئەو بەربەستانەی کە شار و دیهاتەکان لەیەکتر دوور ئەخەنەوە و لەیەکتر دابڕێن، بۆ ئەم بارودۆخە ئەندامی کنێستی ئیسرائیلیی ئەڵێ: بیست هەزار فەڵەستینیی ناچار ئەبن ساڵانە کەناری ڕۆژاوا بەجێ بهێڵن.
جۆش و خرۆشی هەندێ ناوەندی زایۆنیزم کە تووش هاتوون بەسەرشێتی،بەوە گەیشت کە دراوێکی یادەوەریی دەر بکەن کۆرشی فارس و ترامپی ئەمریکی لەسەر بێ، بەسیفەتی ئەوەی ئاماژەی مەزنی مێژووییە. گەورە راگرتنی کۆرش ئەوەی کە جوولەکەی لە کۆیلایەتی بابل ڕزگار کرد، واتا هەمان ئەو شتەیە کە گەورەی کۆشکی سپی بەدیاری کراوی ئەتوانێت مێژووی شێواو زۆرداریی کۆتایی پێ بهێنێ و دۆسییەی فەڵەستین بۆ هەمیشە بپێچێتەوە،ئەگەرچی ئەوە ببێتە مایەی کارەسات و کۆستێکی نوێ. ئەو نیازە وەستاوەتەوە سەر ئاستی فەرمانگە زایۆنیزمەکان و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانیان لەدەرکردنی عەرەب لەفەڵەسین،ئەمە وەک هەنگاوی

یەکەم، پاشان دروستکردنی قەوارەکەیان لەفوراتەوە بۆ نیل. لێرەشدا دەبینین کە ئەمەریکا و بریتانیا هاوبەشییەکی کردارییین لەو پلاندانانە و تاوانەکانی جوولەکە ئەدەنەوە پاڵ کۆمەڵێک یاسا، یاسای بەتاوان ناساندنی دژایەتیکردنی سامییەت، بەچاوپۆشی کردن لەدانان بەوەی عەرەبیش لەهەمان بنچینەی سامییە. بەناو هەیکەلی سولێمان و زەویی میعاد، یەکێک لەگەورەترین ئەو پڕوپاگەندانەن کە زایۆنیزم لەفەڵەستیندا دروستی کردووە بۆ ئەوەی بنچینەی مێژووی کۆنی خۆیان لەوێ بسەپێنن،کە بریتییە لەدرۆی هەیکەل و زەویی میعاد. ئەگەر ئەم باس و خواستە لە سەرەتاوە بهێننەوە بەرباس گوایە مزگەوتی ئەقسا لەپێش سەردەمی سولەیمان (سەلامی خوای لەسەر بێ) بەماوەیەکی زۆرتر دروست کراوە، ئاخۆ چۆن بەناوی هەیکەلی سولەیمانەوە لەژێر مزگەوتی ئەقسادا دروست کراوە هەروەک ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن، هەروەها ئەو چاڵکەندنانەی کە زایۆنیزم لەژێر حەرەمی پیرۆزدا هەر لەساتی داگیرکردنیان بۆ قودس ئەنجامی ئەدەن، هەتاوەکو ئێستا پڕووباگەندەن و پاگەندەیان نەسەلماوە لەبوونی هەیکەل لەو شوێنەدا. شوێنەوارناسانی جوولەکە و خەڵکانی تر قسە و باسی زایۆنیزمیان بەدرۆ خستۆتەوە(مەبەستمان هەموو جوولەکە نییە، چونکە جوولەکە هەر لە بنچینەدا زۆربەیان دژی پرۆژەی قەواری زایۆنیزمن) لیژنەیەکی نێودەوڵەتیی لەساڵی ١٩٣٠ز بەچاودێری کۆمەڵەی گەلانی ئەوکات،بۆ ماوەی مانگێک کۆمەڵێک دۆزینەوە و چاڵ هەڵکەندنیان لەو شوێنەدا ئەنجامدا، گوێبیستی زۆرێک لەشایەتحاڵانی عەرەب و جوولەکە بوون، هەروەک تەماشای هەموو ئەو دیکۆمێنتانەیان کرد کە لەلایەن هەردوولاوە پێشکەشیان کرابوو،هەروەها گوێبیستی مورافەعی پارێزەران بوون، ئەوانەی کە لەلایەن هەردوولاوە ئامادەکرابوون، پاشان ڕاپۆرتەکەی بەم جۆرە ئامادەکرد:دیواری ڕۆژئاوا خاوەندارێتییەکەی تەنیا بۆ موسڵمانان دەگەڕێتەوە،هەروەها تەنیا موسڵمانان مافی خاوەندارێتیکردنی ئەو شوێنەیان هەیە، چونکە بەشێکی دانەبڕاوی ڕووبەری حەرەمی پیرۆزە کە بەشێکە لەو موڵکانەی کە وەقفی مەلیک ئەلئەفزەڵ برازای سەڵاحەدینی ئەیوبی و موسڵمانانە و وەقفیان کردووە بۆ مزگەوتی ئەقسا،شۆستەی بەرانبەر دیوار و بەرانبەر بەو شوێنەی کە ناسراوە بە بازاڕی گەڕەکی مەغارییە، خاوەندارێتەکەی هەر بۆ موسڵمانان دەگەڕێتەوە، چونکە بەپێی ئەحکامی شەرعیی ئیسلامیی وەقف کراوە. ئەو ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییە شایەتیی لەبارەی مافی موسڵمانان ئەدات کە خاوەندارێتی دیواری ئەلبڕواق ئەکەن لەڕووی مێژوویی و ئایینی و یاساییەوە،هەروەها فەرمانگەی مەعارفی بریتانیا وتوویەتی:شتێکی دووپاتکراو نییە کە هەیکەل لەژێر حەرەمی مزگەوتی ئەقسادا بێ، بەتایبەت کاتێک ساڵی حەفتای زایین تیتوس ئەوێی ڕووخاند و هیچ شتێکی بەراوەستاوییەوە نەهێشتەوە، هەموو شوێنەوارەکانی ئەو شوێنەی لەناو برد، بۆیە گەڕان بەدوای هەیکەلدا کارێکی سەخت و دژوارە. موسڵمانان فەڵەستینیان فەتحکرد، عومەری کوڕی خەتابی ئەمیری باوەڕداران (خوای لێ رازی بێ) بەڵگەنامەی عومەریی بڵاو کردەوە بۆ

دەستەبەرکردنی سەلامەتیی دانیشتووانی قودس و فەڵەستین و پارێزگاری کردنیان، پاشان ڕایگەیاند کە فەڵەستین بەهەموو خاکەکەی و بە مزگەوتی ئەقساشەوە وەقفی موسڵمانانە بۆ هەمیشە هەتاوەکو نەفەوتێ و خەڵکی تر تەماح نەکاتە خێر و بێر و دەستکەوتەکانی ئەو شوێنە، تاوەکو خەڵکەکەی سەلامەت و لەئارامیدا بن، ئەو بەڵگەنامە و پەیماننامە و پەیامە مرۆییانە بۆ ئاشتی، لەکەنیسەی قیامەدا لەقودس هەتا ئەمڕۆی ئێمە ماوەتەوە.
ئامۆژگارییەک، سەرکردە ئەمریکی و ئەوروپییەکان کاتێک مێژووی ئەمریکا و هەڵوێستی باو باپیرە دامەزراوەکانی خۆیان دەخوێننەوە، ئەوە بخوێننەوە کە سەرکردەی خەباتکاری دژ بەئینگلیز دامەزرێنەری یەکەمی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جۆرج واشنتن نووسیویەتی کە ئەڵێ:(کاتێک ڕیشەکانی ئازادیی بنج دادەکوتێ، ئەو کاتە زیاتر گەش و نما ئەکات). جۆرج واشنتۆن لەبارەی ئەو چۆنیەتیەوە قسە ئەکا کە واشنتۆنی ڕاکێشا بۆ خەباتکردن لەپێناو سەربەخۆیی و سەرخستنی وڵاتەکەی. کتێبێکە خوێنەران ڕائەکێشێ بۆ باس و خواسی دیدگای شۆڕشگێڕیی لای واشنتۆن. واشنتۆن پاڵەوانی جەنگە کە بەهۆیەوە بووەتە خاوەن نازناوی باوکی وڵات. خوێنەران لەم قۆناغەدا واتای ئەو پاڵەوانێتیە وەردەگرن کە وەهای لەئەمریکا کرد لەدوای ڕزگاربوونی لەداگیرکاریی ئینگلیز، ببێتە ئەو شوێنە باش و ئەو گرنگییە وەربگرێت.

## ستەم و ستەمکاریی هۆکاری لەنێوبردنی شارستانییەت و ئیمپراتۆرییەتەکانن

بێ گومان ئامۆژگاری لەشەریعەتی ئیسلامدا بەهایەکی گەورە و بەرزی هەیە، بەسەر هەموو موسڵمانێکەوە فەرز و پێویستە ئامۆژگاریی موسڵمان و غەیرە موسڵمان بکات، هەموو جیهان لەیەک کەشتیدان، ئەوەی لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا ڕوو بدات بە باش و خراپەوە، ڕەنگدانەوەی لەسەر شوێنەکانی تری جیهان ئەبێ. ئوممەتی ئیسلامیی لەم سەردەمەدا ڕووبەڕووی دوژمن و تۆقینێکی سەخت دەبێتەوە، نموونەی ئەو حاڵەتەی کە لەسەردەمی عیسا(سەلامی خوای لەسەربێ) هەبوو، کە عیسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) ڕووبەڕووی دوژمنکاریی ڕۆمان بوویەوە، ئەو ڕۆمانیانەی کە عیسایان(سەلامی خوای لەسەربێ)دەچەوساندەوە. ڕۆما ئەوکات، خۆی بەهێمای بەهای شارستانییەت و گەورەترین هێزی جیهان ئەبینی، خۆی بەخاوەن میراتگری شارستانییەتی یۆنانی ئەوکات ئەبینی، ئەنجومەنی پیران و دیموکراتیەتێکی هەبوو بەتێگەیشتن و چەمکی ئەو سەردەمە، تاکی ڕۆمانی لەبیر و باوەڕ و ڕەفتاری کەسێتیدا سەربەخۆ بوو، ئەوە بوو بووە خراپترین ئیمپراتۆرە ستەمکارەکانی ناوچەکانی تری ئەوکات، بەڵام مێژووی مرۆڤایەتی بەهیچ جۆرێکی باش و چاک باسی ئەو ئیمپراتۆریەتە ناکات،ئەوەش بەهۆی ئەو تاوانە سەرسەخت و خراپەکارییانەی کە دەستی پێوەی خوێناوی بوو، کە بریتی بوو لەچەوساندنەوەی مەسیحییەکان،ئەو هێزە گەورەیە، هەموو تایبەتمەندییە بەهادارانەکەی خۆی لەدەست دا، چونکە کۆمەڵێکی باوەڕدار بەخوای گەورەی دەچەوساندەوە و لاوازی کردبوون،

باوەڕداران بەخوای گەورە کە هێزی ڕەها و شکۆی ڕەها و دادگەریی ڕەهای هەیە، خوای گەورە سزای سەختی هەیە بۆ ستەمکاران،مۆڵەتی ستەمکاران ئەدات، بەڵام ڕۆژێک لەڕۆژان تۆڵەی سەختی لێ ئەکاتەوە. ئەو بوو خوای گەورە، گەلانی باکوور لەجەرمەنەکانی بەسەر ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمادا زاڵ کرد، ئەوانەی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمایان داگیر کرد و مەشخەڵە شارستانییەکەیان سووتاند،لەکۆتایی سەدەی پێنجی زاییندا خۆبەلزانی و لوتبەرزیی ڕۆمایان لەنێو برد، ئەوەش دوای دوو سەدە لەوە خوای گەورە خاکی پیرۆز کە مەسیح (سەلامی خوای لەسەر بێ) تیایدا دەژیا،کردە میراتی شوێنکەوتەی کۆتا پەیامبەر کە موحەممەدە (صلی الله علیه وسلم)،ئەو ئوممەتە ئیسلامییە کە ناوچەکانی جیهانی فەتح و ئازاد کرد و لەستەمکاری و زۆرداریی ڕزگاری کرد و پڕی کرد لەسۆز و دادپەروەری، بۆ خەڵکی مەسیح (سەلامی خوای لەسەر بێ) ڕاستیی پەیامەکەی دەرخست، هەروەها فەزڵ و گەورەیی حەوارییەکان و ئەوانەی کە شوێنیان کەوتن و بەتێر و تەسەلیی لەقورئانی پیرۆزدا باسیان هات، هەروەها پەیامی ئیسلام بەکۆتایی ئەو ئەڵقەیەی دانا لەو زنجیربەندییە دوور و درێژەی کە شوێنکەوتووی پەیامبەرانە و لەئیبراهیمی خەلیلی خواوە(سەلامی خوای لەسەر بێ) بەتێپەڕوون بە مووسا و عیسا (سەلامی خوایان لەسەر بێ)دەست پێ دەکات هەتا دەگاتە موحەممەد (صلی الله علیه وسلم). پەیامی ئیسلام بۆ هەموو جیهان دەریخست، کە دوژمنانی مەسیح (سەلامی خوای لەسەر بێ) دوژمنانی ئازادی و بەهای مرۆیی بوونە، ئەو کەسەی کە مەسیحی بە درۆ دەزانی و ڕۆمەکانی لەدژ هاندا، بریتی بوو لەبۆڵس و شوێنکەوتەکانی، ئەوانە هەڵساون بەشێواندنی پەیامەکەی مەسیح(سەلامی خوای لەسەر بێت).

خەفەتم بۆ ئەوەیە دەوڵەتانێکی نمونەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کەنەدا و ئوسترالیا کە وڵاتانێکن خەڵکانێکی کۆچەر و هەڵهاتووی دەستی ستەم و چەوساندنەوە دروستیکردوون، ئێستا خۆیان بوونەتە ئەو ستەمکارەی کە زۆرداری و چەوساندنەوە ئەنجام دەدەن، ئەمە ئەو شتەیە کە هۆشداریی دەدات لەسزایەکی سەخت و تۆڵەی خوای گەورە، تۆڵەیەکی نزیک یان دوور لەلەنێوبردنی ئەو شار و وڵاتانەی کە پشتیوانیی لەستەم دەکەن، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿أَوَ لَمْ يَسِيرُوا فِي الأَرْضِ فَيَنظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ كَانُوا مِن قَبْلِهِمْ كَانُوا هُمْ أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَآثَارًا فِي الأَرْضِ فَأَخَذَهُمُ اللَّهُ بِذُنُوبِهِمْ وَمَا كَانَ لَهُم مِّنَ اللَّهِ مِن وَاقٍ﴾ [غافر: 21]، واتا: ئایا بەزەویدا نەگەڕاون تا ببینن (بزانن) سەرەنجامی ئەوانەی کەپێش ئەمان بوون چۆن بوو ئەوانە لەمان بەهێزتر بوون وە شوێنەواریان لەزەویدا زیاتر بوو بەڵام خوا بەهۆی تاوانەکانیانەوە گرتنی وتۆڵەی لێ سەندن وە کەس پارێزەریان نەبوو لە (سزای) خوا.

بێگومان قەزا و قەدەر و سووننەتی خوای گەورە لەنێو ئوممەتان و گەلان و شارستانییەتەکاندا کاری خۆی دەکات، لەدوای تیاچوونی ستەم و ستەمکاران، خوای گەورە کۆمەڵێ بەندەی خۆی سەردەخات و شکستێکی سەخت و تاڵ دەداتە ستەمکار

و زۆرداران، نهێنیی خوایی ئەوەمان بیردەهێنێتەوە کە بۆ فیرعەونی ستەمکار لەسەر دەستی بەنو ئیسرائیلی لاواز و چەوسێنراودا رووی دا،خوای گەورە فەرموویەتی:
﴿طسم۝ تِلْكَ آيَاتُ الْكِتَابِ الْمُبِينِ۝ نَتْلُوا عَلَيْكَ مِن نَّبَإِ مُوسَى وَفِرْعَوْنَ بِالْحَقِّ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ۝ إِنَّ فِرْعَوْنَ عَلا فِي الأَرْضِ وَجَعَلَ أَهْلَهَا شِيَعًا يَسْتَضْعِفُ طَائِفَةً مِّنْهُمْ يُذَبِّحُ أَبْنَاءَهُمْ وَيَسْتَحْيِي نِسَاءهُمْ إِنَّهُ كَانَ مِنَ الْمُفْسِدِينَ۝ وَنُرِيدُ أَن نَّمُنَّ عَلَى الَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا فِي الأَرْضِ وَنَجْعَلَهُمْ أَئِمَّةً وَنَجْعَلَهُمُ الْوَارِثِينَ۝ وَنُمَكِّنَ لَهُمْ فِي الأَرْضِ وَنُرِي فِرْعَوْنَ وَهَامَانَ وَجُنُودَهُمَا مِنْهُم مَّا كَانُوا يَحْذَرُونَ﴾ [القصص: 1 – 6] ،واتا: ئەم (ئایەتانە) ئایەتەکانی قورئانی ڕوون و ئاشکران. دەیخوێنینەوە بەسەرتا (ئەی موحەممەد ﷺ) هەندێک لەهەواڵی موسا و فیرعەون بەڕاستی و دروستی بۆ ئەوانەی بڕوا دەهێنن. بەڕاستی فیرعەون زاڵ و(ملهوڕ و یاخی) بوو لەزەوی (میصر) دا وە خەڵکەکەی (میصری) کرد بەچەند بەش و کۆمەڵێك کۆمەڵێکیانی لاوازو ژێر دەستە دەکرد کوڕانی ئەوانی سەر دەبڕی و ئافرەتانیانی بەزیندویی دەهێشتەوە (دەیکردنە خزمەتکارو کەنیزەك) بەڕاستی ئەو (فیرعەون) لەخراپەکاران بوو. وە ئێمە دەمانەوێت (بەچاکەی خۆمان) منەت بنێین بەسەر ئەوانەی کەلاواز و ژێر دەستکرا بوون لەووڵاتی (میصر) دا وە بیان کەینە پێشەواو بیان کەینە میراتگرانی(فیرعەون و و شوێنکەوتوانی). وە دەسەڵاتداریان بکەین لەو زەویەدا وە نیشانی فیرعەون وهامان و لەشکری هەردووکیان بدەین لە (بەنو ئیسرائیلی یەکانەوە) ئەوەی خۆیان لێ دەپاراست.
خوای گەورە لەقورئانە پیرۆزەکەیدا لەبارەی شارستانییەتی قەومی عادەوە بۆی باسکردووین، ئەوانەی کە لەسەر ئەم زەوییەدا زۆرداریيان کردووە و بەهودی پەیامبەریان وتووە(سەلامی خوای لەسەربێ): ﴿فَأَمَّا عَادٌ فَاسْتَكْبَرُوا فِي الأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَقَالُوا مَنْ أَشَدُّ مِنَّا قُوَّةً أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّ اللَّهَ الَّذِي خَلَقَهُمْ هُوَ أَشَدُّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَكَانُوا بِآيَاتِنَا يَجْحَدُونَ۝ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحًا صَرْصَرًا فِي أَيَّامٍ نَّحِسَاتٍ لِّنُذِيقَهُمْ عَذَابَ الْخِزْيِ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَلَعَذَابُ الآخِرَةِ أَخْزَى وَهُمْ لا يُنصَرُونَ﴾ [فصلت: 15 – 16]،واتا: ئەمجا (گەلی) عاد بەناڕەوا خۆیان بەگەورە زانی لەزەویدا وە ووتیان: کێ لەئێمە بەهێز ترە ئایا نەیان زانی بوو بێگومان ئەو خوایەی کەئەوانی دروستکردووە لەئەوان بەهێز ترە وە ئەوان دانیان نەدەنا بەبەڵگەکانی ئێمەدا و ئینکاریان دەکرد. ئەوسا ئێمە بایەکی زۆر بەهێزی ساردمان بۆ ناردن لەڕۆژانێکی بەردەوام (وشوم)دا بۆ ئەوەی سزای ئابڕو بەریان پێ بچەژین لەژیانی دونیادا بێگومان سزای پاشە ڕۆژیان ئابڕو بەر (وڕیسواکەر) ترە وە ئەوان یارمەتی نادرێن.
ئەم چیرۆک و باسە کۆمەڵێ پەند و وانەی تێدا هەیە بۆ ئەو شارستانییەت و پادشانشین و حکومەتانەی کە لەسەر ستەم و زۆرداری و لووتبەرزیی دادەمەزرێن، ئەوانەی کە گوێ بەمافەکانی مرۆڤ نادەن و ڕێز لەژیانی ژن و منداڵ و پەککەوتە ناگرن و زمانی حاڵیان بریتییە لەچەک و ئامێرە وێرانکارەکانیان: کێ هەیە لەئێمە بەهێزتربێ!

جا ئەوانە یاسای خوای گەورە لەنێویاندا کار دەکات و کات و ساتیان لای خوای گەورەیە، ئەچنە خانەی سووننەت و یاسای ئاڵوگۆڕی شارستانییەتەکانەوە کە خوای گەورە لەبارەیانەوە فەرموویەتی: ﴿وَتِلْكَ الأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللّهُ الَّذِينَ آمَنُواْ وَيَتَّخِذَ مِنكُمْ شُهَدَاء وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ الظَّالِمِينَ﴾ [آل عمران: 140]،واتا: ئێوە ئەو چەرخ و ڕۆژانەی (زاڵبوون و سەرکەوتنانە) دەیگێڕین لە ناو خەڵکیدا (جارێک بۆ ئێوە و جارێک بۆ ئەوان) لەبەر ئەوەی (لەدونیادا) خوا دەری بخات ئەوانەی بڕوایان هێناوە و لە ناو ئێوەدا هەڵبژێرێت چەند کەسێک بە شەهید وە خوا ستەمکارانی خۆش ناوێت.

## ئوممەتی ئیسلام، دروشمی ئاشتی و ڕەتکردنەوەی ستەم و بەرپەرچدانەوەی ستەمکارانی هەیە

موسڵمانان ئوممەتی دادپەروەری و ئاشتی و خێرومەندن، لەهەمان کاتدا ڕەوشتی بەرزیان ڕێگە نادات بەکارەساتباریٚ دڵخۆش بن، هەموو ئومێدێکیان ئەوەیە ناوەند و سەرکردە ڕۆژئاواییەکان لەسەرووی هەموویانەوە ئەمریکا بەخۆیاندا بچنەوە و نزیکتربن لەدادپەروەری، هەندێ سەرکردەشیان لەوەدا کاری لەپێشینەیان هەیە، ڕووندەبێتەوە کە چۆن موسڵمانەکان لەگەڵ هەنگاوی ڕۆژئاوادا هەنگاویان گۆڕیووەتەوە: ویڵسونی سەرۆکی ئەمریکا لەکۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانییدا چواردە خاڵی ڕاگەیاند کە گرنگترینیان بریتی بوو لە: مافی گەلان لەبڕیاردانی چارەنووسی خۆیاندا. ئوممەتی ئیسلامیی ئەو جاڕنامەیەی لێکدایەوە بەوەی، هەڵوێستێکی دادپەروەرانەیە بەرانبەر بەو داگیرکەرە ئەورووپییەی کە هەناسەی لەگەلانی ئیسلامیی بڕیبوو، موسڵمانان بەو دەنگەی لەنێو ئوممەتانی ڕۆژئاوادا خۆشحاڵبوو، ئەو دەنگەی بەرزببوویەوە بۆ ڕەتکردنەوەی ستەم لەلاوازان و جیاکاریی نێوان گەلان و هەوڵی چەوساندنەوەیان.

بەڵام متمانەکردن بەئەمریکا و پرۆژە ڕاستەقینەیەکی، خێرا ئەو بانگەشانەی لەرزۆک کردەوە و بەهۆی دووبارەکردنەوەی هەڵوێستەکانی داگیرکەرەوە خۆی خزاندە نێو ستەمکارییەوە و لەگومان پێ بردنی باش دوورکەوتەوە. ڕەنگە یەکەمین ئەو بەڵگانە، ئەوە بووبێ کە سەرۆک نیکسۆن و کیسنجەری وەزیری لەشەڕی ئۆکتۆبەری١٩٧٣زایین و دواتریدا خستیانەڕوو لەپاڵپشتیکردنی داگیرکەر لەفەڵەستیندا، پاشان جۆرج بۆشی باوک و کوڕ هاتن و دووفاقییانە مامەڵەیان کرد، ئەفغانستان و عێراقیان کاولکرد و خەڵکییان تووشی ماڵ کاولی و کوشتن و دەربەدەریی کرد.

سەرەڕای هەموو ئەوانەی لەفەڵەستین ڕوویاندا دوای دەیان جار بەزاندنی پیرۆزیی مزگەوتی ئەقسا لەسەر دەستی گەورە ستەمکاران و بەردەوامیی هاوپەیمانێتی ستراتیژیی ئەمریکا لەگەڵ قەوارەی ئیسرائیل، خواربوونەوەی هەڵوێستی ئەمریکا و ڕۆژئاوا لەبەها و ڕەوشت زیاتربوویەوە. سەرکردەکانی ئەمڕۆی ڕۆژئاوا ئەوەیان

لەبیرنەچووەتەوە جەنگی ئەمریکا چی مەینەتییەکی دروستکرد لەڤێتنام و ئەفغانستان و عێراق، گەلەکانیان چۆن بەرگرییان لەخاکی خۆیان کرد، دەبێ ئەوەش بزانن کە عەرەب و موسڵمانەکان لەفەڵەستیندا ئازایەتی و خەباتکارییان کەمتر نییە لەگەڵی ئەفغان و ڤێتنام و کۆریا.

موسڵمانان لە ڕۆژئاوادا بە تایبەت لە ئەمریکا و بەریتانیا، جوانترین وێنەیەکی ڕەوشتییان خستۆتەڕوو لەپابەندبوون بەیاساکان و هاوبەشیی ئازاد لەهەڵبژاردنەکان و کێبڕکێی پاک و پێکەوە ژیان لەگەڵ ڕۆشنبیرییەکان و بانگەوازکردن بۆ خێر و چاکە، ئەوەیە کە پێویستە ئەوانیش بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەرگری لێ بکەن. بەلای موسمانانەوە ئەو قەناعەتە هەیە کە گەلانی ڕۆژئاوا هەڵگری کۆمەڵێ سفەتی چاکن، لەپێشیانەوە گەلی ئەمریکا کە گەلێکە زۆرینەیان باوەڕیان بە بوونی خوا هەیە و لەهەندێک کاری خێرۆمەندانە شتی وا ئەبەخشێ کە گەلانی تر لەجیهاندا نایبەخشن. زۆرترین گەلانێکی جیهانن کە قەبووڵی ئیسلام ئەکەن و خێراتر دەبنە موسڵمان، ئەمەو سەرباری بڵاوبوونەوەی ئیسلام و قووڵبوونەوەی لەئەورووپای ڕۆژئاوا بەشێوەیەک کە لەجێی سەرسامیدایە سوپاس بۆ خوای گەورە، خاڵی وشیاری هەیە لای ئەو گەلانە کاتێک بەراورد دەکرێن بە دەیەکانی ڕابردوو. ئەوان بەفیترەتی ساغی خۆیان پێویستە ڕزگاریان بێ لەڕێکلامی درۆیینە و شێواندنی حەقیقەتەکان، شێواندنی ئەو حەقیقەتانەی کە لەلایەن لۆبیەکانی ڕاگەیاندن و سیاسەتەوە ئەنجام دەدرێ،بۆیە پێویستە پەیڕوی بەهای پەیوەست بەمافەکانی مرۆڤ و پشگیری لەمرۆڤ بکەن لە هەر شوێنێکی جیهاندا هەبێ.

## پوختەی قسە بۆ سەرکردایەتی ئەمەریکا و هاوپەیمان و گەلانیان

ئامۆژگارییتان ئەکەم و بەخوای گەورە ئەتانترسێنم،لەپشت داگیرکەر مەوەستن،دەستی لێ بەربدەن، لەگەڵ ئەم بابەتە مرۆیی و ئەخلاقیە گەورەیە بەدادپەروەری و سۆز و ویژدانەوە مامەڵە بکەن، چونکە هەموو مرۆڤەکان وەکو ئەوەی خوای لەقورئانی پیرۆزدا بڕیاری داوە، هەموویان برای یەکن و ڕۆڵەی یەک دایک و باوکن:﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيرًا وَنِسَاء وَاتَّقُواْ اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا﴾،واتا: ئەی خەڵکینە خۆتان بپارێزن لە (سزای) پەروەردگارتان ئەوەی کە درووستی کردوون لەیەک کەسەوە (کە ئادەمە) وە هەر لە ئەویش هاوسەرەکەی درووست کردووە و بڵاوی کردۆتەوە لەو دووانە پیاوانی زۆر هەروەها ئافرەتان خۆتان بپارێزن لەو خوایەی کە بەناوی ئەوەوە داوا دەکەن لە یەکتر وە (خۆتان بپارێزن لە بچڕاندنی) خزمایەتی بەڕاستی خوا هەمیشە چاودێرە بەسەرتانەوە.

مرۆڤ جێنشینی خوای گەورەیە لەسەر ڕووی زەوی، لەزەوی خوای گەوردا جێنشینە، بەڕێزترینی بوونەوەرانە، هەموو جیهانەکان دروستکراون و بەویستی خوای گەورە فەرام هاتوون تاوەکو هەموو ئەوانە ببنە خزمەتکاری مرۆڤ. دادگەریی ئیسلامیی جیاکاریی نێوان مرۆڤەکان لەسەر بنەمای ڕەنگ و ڕەگەز و شوێن ڕەت دەکاتەوە، هیچ موسڵمانێک ئەوەی نەوتووە کە فەیلەسوفی ڕۆشنگەر لەفەرەنسا مۆنتیسکۆ لەبارەی ڕەگەزی ڕەشپێستەوە(ئەفریقییەکانەوە)وتوویەتی:(خوای گەورە دادپەروەرترە لەوەی کە ڕووحێک بخاتە جەستەی ڕەشپێستێکەوە). بەڵکو من ئەترسم و ئەترسی ئەوەم هەیە ئەم ستەمکاریە ببێتە مایەی ڕەخساندنی زۆرداری و ڕق لێبوونەوە لەنێوان گەلان و کەم کردنەوەی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و ئاشتیی جیهانی و ببێتە پەرچەکردارێکی نارێکخراو لەلایەن حکومەتەکان و گەلانەوە. ئێمە ئوممەتێکین ئایینەکەمان فەرمانی پێکردوین بە ئەو ئاشتییەی کە لەسەر دادپەروەری ڕاوەستاوە، هەوڵی پێکەوە ژیان و ژیانی هاوبەش بدەین،شارستانییەتێکی دێرینمان هەیە لەدامەزراندنی چەمکی مرۆیی و مافی گەلان لەبڕداردانی چارەنووسی خۆیان و لێبووردن و چاکەکاری و چاوپۆشی و ئاشتی و پێکەوەژیان لەگەڵ ئەوانی تردا، ئا ئەوەی کە پێویستمانە ئەوەیە، سەرکردە ڕۆژئاواییەکان بەو سیفەتانەوە پابەند بن و بگەڕێنە بۆ ڕێنمایی ئایینی و بەهای شارستانییەتیان و هاوبەشی داگیرکار نەبن لەئاژاوە و کاولکاری و وێرانکاری و ستەمکردن لەژن و مناڵ و خەڵکانی مەدەنی،بەڵکو ببنە بانگخوازی چاکەکاری و ئاشتیی لەفەڵەستین و ناوچەکانی تری جیهان...

**ماڵپەری دەنگی ئیسلام / موقع صوت الاسلام: www.dangiislam.org**